سودانی: بەردەوامی موچەی موچەخۆرانی هەرێم پێویستی بە جێبەجێکردنی یاساو ڕێککەوتنەکان هەیە



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە کێبونەوەی لەگەڵ شاندی هاوبەشی فراکسیۆنەکانی هەڵوێست و کەمەڵ دنیایی داوە کە "بەردەوامی موچەی موچەخۆرانی هەرێم، پێویستی بە جێبەجێکردنی یاساو ڕێککەوتنەکان هەیە."

فراکسیۆنەکانی هەڵوێست و کەمەڵی دادگەری لە پەرلەمانی عێراق، لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا ئاشکرایان کرد، ئەمڕۆ پێنجشەممە، شاندێکی هاوبەشیان سەردانی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عیراقی کردوەو بەوردی باسیان لە هەنگاونان بۆئاراستەی چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوریەکان کردوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لەکێبونەوەکەدا شاندی هەڵوێست و کەمەڵ جەختیان کردۆتەوە لەسەر پێویستی بەدورگرتنی عێراق لە جەنگ و ململانێکان و جەختیشکراوەتەوە لەسەر هەنگاوەکانی پاراستن و بەهێزکردنی ئابووریی عێراق.

وەك لە راگەیەندراوەكەدا هاتوە، شاندە هاوبەشەكەی فراكسیۆنەكانی هەڵوەست و كەمەڵە داوای لەسەرۆك وەزیران كردوە شایستەی دارایییەكانی خێكی كوردستان پارێزراوبێت و لێكاتی خێیدا بنەردرێت، بەتایبەت موچەو پارەی گۆنمی جوتیاران و دەرمان و سەرجەم ئیستحقاقاتە فیدراڵییەكان.

لەڵای خێیەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق جەختیكردنەوە لەسەر بونی ئاڵەنگاری گەورە لەبەردەم عێراقدا لەسەرجەم بوارەكاندا، هەروەها دڵنیاییداوە كە بەردەوامی موچەخۆرانی هەرێم پێویستی بە جێبەجێكردنی یاساو رێككەوتنەكان هەیە.